# قادر عزيز :هێزی پێشمەرگەش لەكاتی شەڕو هاتنە ناوەوەی هێزەكانی توركیا بەهەر شێوازێك بۆی بكرێت داكۆكی لەدەستكەوتەكانی گەلی كوردستان دەكات.

**دیمانە: ئاسۆ**



دوابەدوای كوژارانی چەند سەر بازێكی تورك ، بەدەستی چەكدارانی پارتی كرێكارانی كوردستان. پەرلەمانی ئەو ولاتە بەزۆربەی دەنگ پرۆژەبڕیارێكیان پەسەند كرد كەڕێگە بەسوپای ولاتەكەیان ئەدات خاكی هەرێمی كوردستان ببەزێنو بۆماوەی سالێك لەناو خاكی هەرێمی كوردستاندا بمێنەوە .ئەم هەنگاوەی حكومەتو پەرلەمانی توركیا تەنگەژەیەكی توندی لەنیوان سنوری عێراق توركیادادرووست كردوە، بەدەیان هەزار سەربازی تورك لەسنوری عێراق چاوەڕوانی تیشكی سەوز دەكەن بۆئەوەی پەلامارەكەیان دەست پێبكەن . هەنگاوی حكومەتی تورك بۆبەزاندنی سنوری عێراق لەنیوەندی سیاسی نیودەولەتی ڕەت دەكرێتەوە ئەمریكاو هاوپەیمانەكانی ناڕازی بونی خۆیان بۆهەر پەلامارێكی سەربازی تورك دەربڕیوە، داوای چارەسەرێكی ئاشتیا نە بۆكێشەی چەكدارانی پارتی كرێكارانی كوردستان دەكەن .لەنیو خۆی كوردستانیش جموجولێكی سیاسی گەرموگوڕلەئارادایە بۆچارەسەر ركدنی كێشەكە .لەمەڕدواین گۆڕانەكانی ئەم كێشەیەو پەیوەندی كێشەی كەركوك بەلەشكركێشی سوپای توركەوە قادر عەزیز سكرتێری حیزبی زەحمەتكێشانی كوردستان و نوێنەری سەرۆكی هەرێمی كوردستان بۆماددەی (140) بەم شیوەیە وەلامی پرسیارەكانی داینەوە .

پ: بەپێی دەستوری عیراقی فیدرالْ دەبێت لەكۆتای ئەم سالْدا ماددەی( 140) جێبەجێبكرێت. بەلام چاودێرانی سیاسی پێیان وایە كە ئەم ماددەیە لەكاتی خۆیدا جێبەجێ ناكرێت، پرسیارەكە ئەوەیە: ئایا سەركردایەتی سیاسی كوردستان لەكاتی جێبەجێ نەبوونی ماددەی( 140) لەوادەی دەستنیشان كراوی خۆیدا، چ هەلۆیستێك وەردەگرێت؟

قادر عزیز: بێگومان لەبەرئەوەی كاتێكی زۆر بەفیڕۆ چووەو زۆر لەهەنگاوەكانی ماددەی (140)یش تا ئێستا جێبەجێ نەكراون، بۆیە ئەو ماوە كەمەی كە لەبەردەمدا ماوە فریای جێبەجێكردنی تەواوی ماددەكە ناكەوێت، بەو پێیەی تەواوی مادەكە لەكاتی دیاریكراوی خۆیدا كە بەپێی دەستوور كۆتایی ئەمسالْ جێبەجێ ناكرێت، لەو حالْەتەشدا سەركردایەتیی كوردستان یان دەبێ بەدرێژكردنەوەی ماوەكە رازی بێت، یان ئەوەتا هەلۆیستی یاسایی لەبەرامبەر ئەو پێشێلكارییە دەستوورییە وەربگرێت. كە بۆ ئەم هەلۆیستەش چەندین كارتی سیاسیو یاساییو دەستوری لەبەردەستدایە، ئەگەر بیەوێت پەنای بۆ ببات.

پ: بەبیانوی لێدانی بنەكەو بارەگاكانی پارتی كرێكارانی كوردستان دەولەتی تورك، دەیەوێت لەشكركێشی بكاتە سەر هەرێمی كوردستان. پێتان وایە ئامانجی دەولەتی تورك پارتی كرێكارانی كوردستانە، یان ئامانجێكی تر لەپشتی ئەم هەڕەشانەوەیە .

قادر عزیز: ئامانجی توركیا لەم لەشكركێشییە ئەگەر بۆی بكرێت هەردوكیانە، ئەمە جگە لەوەی كە توركیا دەیەوێ بەم فشارو لەشكر كێشییە چەند دەستكەوتێكی سیاسیو ئابوری لەعیراقدا دەستكەوێت، بەتایبەتیش لەوكاتەدا كە عیراق دەولەتێكی لاوازەو لەتەنگژەی گەورەدایە.

پ: لەمیدیا كانەوە باس لەوە دەكرێت ناوی بەڕێزتان وەك سكرتێری حیزبی زەحمەتكێانی كوردستان لە نیو ئەو لیستە ڕەشەدایە كە توركیا داوای دەكات ئایا ئەم دەنگۆیانە تاچەند ڕاستە؟

قادر عزیز: لەمیدیاكان نەبوو، ئەمە تەنها هەوالێك بوو كە لەرۆژنامەی (هاولاتی)دا بلاوكرایەوە، كە دوای لێكۆلینەوە دەركەوت ئەو هەوالْەش هیچ راستییەكی تێدا نییە، بەلْكو تەنها هەولێكی لابەلایەو لەچوارچێوەی ئەو دەنگۆیانەیە كە لێرەو لەوێ بەمەزەندە قسەی لەسەر دەكرێت، بڕیارە هاولاتی خۆی هەوالْەكە راست بكاتەوە، ئەگەر نا ئەوا ئێمە خۆمان رونكردنەوەی پێویست دەدەین بەدادگا.

پ: حكومەتی توركیا: گەڕانەوەی كەركوك و ناوچە دابڕاوەكانی تربۆسەر هەرێمی كوردستان ،بە خەتەر بۆسەر ئاسایشی نەتەوەی خۆی دایدەنێت ،پێتان وانییە ئەم هەڕەشانە بۆ ئەوە یە كە سەركردایەتی سیاسی كوردستان دەست بەر داری كەركوك ببێت

قادر عزیز: هەڕەشەكان ئەوەشی تێدایە توركیا یەكێك لەئامانجی فشارەكانی ئاستەنگ خستنە بەردەم جێبەجێكردنی ماددەی (140)ی دەستوورە. جا ئەوە چ لەرێگەی تێكدانی بارودۆخەكە بێت، یاخوود سەپاندنی جۆرە چارەسەرێك بێت لەدەرەوەی دەستوورو ماددەی (140)دا، كە بەدلْنیاییەوە ئەمەش لەزەرەری كوردو گەڕانەوەی تەواوی كەركوكو ناوچەدابڕاوەكان دەبێت بۆسەر هەرێمی كوردستان.

**پ: سەرکردایەتی سیاسی کوردستان،بەسەرکەوتنی پارتەکەی(عەبدوڵڵاگول، ئەردۆگان)لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی تورکیا،خۆشحاڵ بوون .بەلاّم ئەوەی تێبینی دەکرێت لەدوای سەر کەوتنی پارتی دادو گەشە پێدان. هەڕەشەکان بۆسەر هەرێمی کوردستان زیاتر بوون ، ئەم گەشبینیەی سەر کردەکانی هەرێمی کوردستان بەم پارتە لەکوێوە سەر چاوەی گرتوە**

قادر عزیز: بەبەراورد لەگەڵ سوپاو هێزە شۆڤێنیو ناسیونالیستە توندڕەوەکانی تر، پارتی دادو گەشەپێدان هەڵوێستەکانی لەهەموو روێکەوە، هەتا لەبەرامبەر کێشەی کورد باشترو کراوە ترە، هەر بۆیەش لەهەڵبژاردنەکاندا بەشێکی زۆری کورد لەباکوری کوردستاندا دەنگی بەو پارتەداو لەهەرێمی کوردستانیش سەرکەوتنی ئەو پارتە بەئیجابیو گەشبینییەوە هەڵسەنگێندرا، ئەو هەڕەشەو لەشکرکێشییەی ئێستاش دژ بە هەرێمی کوردستان زیاتر سوپایە نەك پارتی دادو گەشەپێدان، بەلاّم دیارە ئەمەش بەو مانایە نییە کە ئەو پارتە دژی کورد نییە، بەڵکو دژایەتییەکەی لەوانی تر جیاوازترە.

**پ: لەکاتی هێرشی تورکەکان،بۆسەر کوردستان ئەمریکیە کان چ هەڵوێستێکیان دەبێت؟ئایا ئامادەن هێز بەکاربێنن وەك لەساڵی نەوەدەکان دژ بە سوپاکەی سەدام بەکاریان هێنا بۆدەرپەڕاندنی سوپای عێراق لەکوەیت؟**

قادر عزیز: ئەمریکییەکان ئەگەر بیانەوێ دەتوانن هەر بە هەڵوێستی سیاسی رێگە لەهێرشو پەلاماردانەکە بگرنو پێویستیان بەشەڕو بەکارهێنانی هێز نییە، چونکە تورکیا شتێك ناکات بەدژی ئەمریکاو هەر ئۆپەراسیۆنێکیش دژ بەهەرێمی کوردستان زۆر تا کەم بەبێ چرای سەوزی ئەمریکا نابێت.

**پ: هێزی پێشمەرگە: تاچەند لە توانایدا هەیە بەر بەهێرشی سوپای تورك بگرێت، ئایا سەرکردایەتی کوردستان لەکاتی هێرشی سوپای تورکیا، شەڕی بەرامبەر دەکەن یان پەنا بۆشەڕی پارتی زانی دەبرێت؟**

قادر عزیز :هێزی پێشمەرگەش لەکاتی شەڕو پەلامارو هاتنە ناوەوەی هێزەکانی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان هەرچۆنو بەچ شێوازێك بۆی بکرێت ئەوا داکۆکی لەدەستکەوتەکانی گەلی کوردستانو سەروەری هەرێم دەکات.

**پ: دژبە لەشکرکێشی سوپای تورك: لە زۆربەی شارەکان ڕیپێوان ساز کرا، بەلاّم لەسلێمانی خۆپیشاندان ڕێگری بۆدروست بوو وەك ڕۆژنامەکان باسی دەکەن ئیدارەی شار ڕێگر بووە، ئەم ڕێگرییە جیاوازی لەهەڵویستی سیاسی لەپشتەوەیە یان  کێشەکە ئەمنی و ئیدارییە؟**

قادر عزیز :هیچ جیاوازییەك لەهەڵوێستەکاندا نییە، لەسلێمانیش وەك شوێنەکانی تر رێپێوان کرا، بڕیاری لایەنەکانی ئەنجومەنی باڵای پارتە سیاسییەکانی کوردستان رێپێوانی جەماوەری زۆر گەورەو فراوان لەشارەکانی کوردستانو ئەوروپا ساز بکەن، بەلاّم دواتر کەبارودۆخەکە هێور بووەوە رێپێوانەکان دواخران، ئەمە مانای وایە هیچ جیاوازییەك لەهەڵوێستی سیاسی ئەو لایەنانە لەئارادا نییە.

**پ::شەڕکۆتای بەم دۆسییە دێنێت یان گفتووگۆ ؟تۆ تاچەند گەشبینی بە م گفتو گۆیانە ی کەئێستا لە ئارادان بۆچارەسەری کێشەی پەکەکە**

قادر عزیز :بەدڵنیاییەوە هەرگیز کێشەکە بەشەڕ چارەسەرو یەکلایی ناکرێتەوە، چونکە (23)ساڵە بەشەر نەك هەر هیچ نەکراوە، بەڵکو پارتی کرێکارانی کوردستان زۆر لەجاران بەهێز ترو کێشەی رەوای گەلی کورد لەباکوری کوردستان زۆر پێشکەوتووترە، بۆیە زوو یان درەنگ بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە دەبێ پەنا بۆ رێگەی دانوستاندن و دیالۆگ ببرێت، کە هەر ئەم رێگە چارەش زمانی سەردەمو رێگە چارەیەکی تەندروستە لەچارەسەرکردنی کێشەی گەلانداو هەر ئەم جۆرە چارەسەرەش لەقازانجی گەلی کوردو تورکیاو ئارامیو ئاسایشی ناوچەکەدایە.